# کەرکووکی نوێ ..

خەسرۆ پیربال
Pirbal@hotmail.com

پاش ئازادبوونی شاری کەرکووك لەژێر چەپۆکی ڕژێمی بەعس , مەسەلەی ئاساییکردنەوەی شارەکە , بەو واتاییەی کە کەرکووك بگەڕێتەوە سەر نەخشەی کوردستان و خەڵکە هاوردەکەی و ئاوارەکانی کەرکووکیش لە هەموو لایەکەوە بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان , دیارە ئەو دیاردەیە تەنها لە کەرکووك نیە , بەڵکوو زۆ ناوچەو شوین و شارۆچکەی تریش هەن , هەمان کێشەیان هەیە و پێویستی بە بەرنامەڕێژی گەورە هەیە بۆ ئاسایکردنەوەی بارووددۆخی گووزەرانی هاوڵاتیانی کورد و نەتەوەکانی تریش لەو ناوچە تەعریبکراو و شێوێنراوانەی کە حکومەتی بەعس بە سیاسەتێکی دڕندانەی درێژخایان , هەرچی پێکرا کردی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ناوچە کوردستانیەکان .

مەسەلەی ئاسایکردنەوەی ناوچە شێوێنراوەکان , خاڵێکی گرینگی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بووە , هەر پاش پرۆسەی ئازادبوونی عیڕاق , تاوەکوو ئێستا , هەر لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت و تاوەکوو ڕەشنووسی دەستووریش , کە دوو ساڵ دانراوە بۆ کەرکووك و دەوروبەری , لێرەدا , حکومەتی کوردستان , بەرپسیاریەتیەکی مێژوویی هەیە بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی گونجاو نەخشەکێشانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەو دووساڵە , لەبەرئەوەی ئەزموونەکان ئەوە دەسەلمێنن , کە هەمیشە کورد گرفتی هەبووە لە سوودوەرگرتن لە کات , گرفتی ئێمە ئەوەیە کە سوود لە کات وەرنەگیراوە بە تەواوەتی و لە بەرژەوەندی خۆمان بەکار نەهاتووە .

کاتێك دەستووری عیڕاقی دووساڵ دەستنیشان دەکات بۆ ئاسایکردنەوەی کەرکووك و ناوچە شێوێنراوەکانی تر , دەبێت ئێمە وەکوو کورد و دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان , بوودجەیەکی باش و دیاریکراومان هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە , وە هەر لەمڕۆوە دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕی پرۆفیسیۆناڵ بەو کارە هەڵسن بە داڕشتنی پلان بۆ ئەو کارە , کارەکان دابەش بکرێن و وەکوو فەیسەکانی بڕیاری 986 کاربکرێ بۆ ناوچە بەعەربکراوەکان لە کوردستان .

ئەگەر چاوێك بە ڕۆڵ و کاریگەری ئەزموونی دیموکراتی کوردستان و کاریگەری سەرکردایەتی کوردستانی بخشێنین و سەنگی خۆمان ببینین لە ناوچەکەدا , ئەوە کاتێك باس لە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکنی کوردستان دەکەینەوە , دەبێت بە شێوەیەك کار بۆ ئەم ئامانجەمان بکەین , کە لە ئەنجامدا , ئێمەش وەکوو کورد نەکەوینەوە هەمان تۆڕ و دەستمان بەخوێنی نەتەوەکانی تری کوردستان پیس نەکەین , بمانەوێت و نەمانەوێی, ساڵانێکە , لەتەك میللەتی کورد , خەڵکی تەواو جیاواز هەبوونە و پێکەوە لەگەڵ ئێمە ژیاون , لەبەر ئەوەشە , پێموابێ دەرکردنیان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان دەرەنجامی باشی لێناکەوێتوە , زیاتر و زیاتر , کێشە سایکۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نێوانمان قووڵتر و خەتەرناکتر دەکاتەوە .

پێکەوەژیانی هەموویان لە شارێك و لە ناوچەیەك دەوڵەمەندیەکی فەرهەنگی جوانە , با عەرەبەکان و تورکمانەکان پێکەوە لە کەرکووك و شوێنەکان بمێننەوە , لەجیاتی ئەوە لە نزیك کەرکووك , یان لە لایەکی ئەو شارە کوردستانیە , شارێکی تر درووست بکەین بلا با ناوی – کەرکووکی نوێ – بێت , بەلام لەچوارچێوەی ئیداری و سیاسی یەك پارێزگابێت , بوودجەکەی لەلایان هەردوو حکومەتەوە دەستنیشان بکرێت , حکومەتی عیڕاقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان , پێشموابێ نەخشەسازی مۆدێرن زۆر بەئاسانی دەتوانێت , نەخشەی ئیستراتیجی و ژێرخانی شارۆچکەیەك بەو ماوەیەی دەستنیشانکراوە لە ڕەشنووسی دەستوور ئەنجام بدات .

پێمونیە کوردەکان پێویستیان بەوە بێت , لە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی ناوچە شێوێندراوەکانی ولاتی خۆیان, دەستیان بەخوێن بێت , بێگومان ئەو کارەش هێندە ئاسان نیە , بەڵام ئێمە کەرکووکێکمان دەوێت , وەکوو جاران , پێش حکومی بەعس , هەموو فەرهەنگە جیاجیاکانی کوردستان , پێکەوە بژین , و هیچ حەساسیەتێك نەبێت لە نێوان تورکمان و عەرەب و ئاسووریەکان , کوردستان چەندین فەرهەنگ و زمانی هەیە , بەڵام هەمویان تێکەلاویەکی جوانیان هەیە وزۆر وشە و تەعبیرتی لەیەکچوو و هاوبەشیان هەیە کە بەهەقیقەت دەوڵەمەندیە بۆ زمان و فەرهەنگەکەمان .

**ئەركی سەرجەم هێزە سیاسیە كوردستانی و عیڕاقیەكانە , كە هێندەی بكرێت چالاكی سیاسی و ڕیكخراویەییەكانی خۆیان كەم بكەنەوە لە كەركوو , زیاتر گۆڕەپانەكەی ئەو شارە بۆ حكومەتی فیدڕاڵ و دەسەڵاتی حكومەتی كوردستان بێت و ئەوان كاری تێدا بكەن , بەو شێوەیەش ڕەوشی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە باشتر دەبێت ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی دیتە ئاراوە.**